# کاتژمێرێک تەنیا بە لەرین ئاگادارت دەکاتەوە





زانینی کات هەر لەسەرەتاوە بۆ مرۆڤ گرنگ بووە، دەگوترێ کاتژمێر یەکەم داهێنانی مرۆڤ بووە، لە سەرەتادا لە هەتاو و دواتر رەمل و ئاو هەتا گەیشتۆتە ئەمڕۆکە کە کاتژمێری هۆشمەند بەرهەم هاتووە. ئامێری کاتژمێر چ پێشکەوتوو و چ سەرەتاکان زانین بە شێوەی دیتن بووە، واتە بەکارهێنەر کارکردی ئامێرەکەی دیتووە.

ئەمڕۆ کاتژمێری هۆشمەندی بێ شاشەی Moment بەرهەم هاتووە کە تەنیا بە لەرین بەکارهێنەرەکەی لە کات ئاگادار دەکاتەوە. هەروەك لە وێنەکەدا دەبینن کاتژمێرەکە نەك هەر شاشە بەڵکو هیچ ژمارە و پیتێکیشی لەسەر نییە، تەنیا LED یەك بە چەند رەنگی جیاواز و ٤ دینەمۆی لەمسی هەیە، بەکارهێنەر تەنیا لە رێگای لەرینە تایبەتییەکانەوە دەزانێ کات چەندە، خاڵی تێڕامانی کاتژمێرەکە ئەوەیە لەکاتی شۆفێریدا لە دۆزینەوەی رێگاکان یارمەتیدەرە و هەروەها کاتێك کە گۆرانییەك دەگری (بیت)ی ئاوازەکە بە شێوەی لەرین بۆ بەکارهێنەرەکەی دەگوازێتەوە، کۆمپانیای بەرهەمهێنی کاتژمێرەکە دەڵێت رەنگە کاتژمێرەکە بۆ شۆفێران سوودێکی ئەوتۆی نەبێت، بەڵام بەراستی پایسکلسواران بە سوودە. کاتژمێری ناوبراو لەکاتی پەیوەندی مۆبایلیشدا ئاگادارت دەکاتەوە، بەڵام بۆ هەر کەسێك لەرینێکی تایبەتی هەیە.




# سێ ئامێر لە یەک ئامێردا

لەم سەردەمەدا زۆر ئامێر هەن کە لە چەند ئامێری دیکە پێکهاتوون واتە چەندین ئامێر لە پاڵیەك خراون.. ئامێری (iBeam Block) سێ ئامێرە لێك جیاوازە، تەبلێت، پرۆژکتەر و پاوەر بانك، جۆکەرێکە بە تەواو مانا.. پاوەر بانکەکە بۆ شەحنکردنەوەی مۆبایل و ئامێرەکانی دیکە سوودی لێوەربگرە، وزەی پێویست بۆ دوو کاتژمێر بۆ پرۆژکتەرەکە دابین دەکات. پرۆژکتەرەکەش کوالیتی HD یە و لە مەودایەکی ١٢٠ ئینجی دا. جگە لەوەش شوێنی دانانی کێبڵی HDMI هەیە و سپیکەریشی لەگەڵدایە. تەبلێتەکەش شاشەکەی ٤,٥ ئینجە و سیستەمی ویندۆزی ١٠ی لەسەرە. بە هەر هەموویان پێکەوە کیلۆیەك کێشیان نییە.

# به پەنجەكانت مۆبایلەكەت شەحن بكەوە



كێشەی شەحنكردنەوە و دابەزینی وزەی باتری مۆبایل و تەبلێت و لاپتۆپ لە شوێنی خۆیدا كێشەیەكی گەورەیە، بەتایبەتی لەم هەرێمەی ئێمەدا كە كارەبا ئەوەندە نییە و هەر ئان و سات لە بڕانە.. بۆیە دەكرێت لە ڕێگایەكی دیكە و بە وزەیەكی دیكە ئەو ئامێرە دیجیتالیانە شەحن بكرێنەوە.

ئامێری HandEnergy ناوەكەی خۆشی هەر بەخۆیەوە واتە وزەدان بە دەست.. ئەو ئامێرە دەتوانێت مۆبایل، تەبلێت، كامێرا و هەر ئامێرێكی دیكەی دیجیتالی شەحن بكاتەوە. هەروەك دەبیندرێ بەشێوەیەكی تۆپێكی بچووكە، هەر ئەوەندە بەسە كە كێبڵی شەحنكردنەوەی ئامێرەكە بە مۆبایل پەیوەند بدرێ. پاشان تۆپەكە بەدەستەوە بگرێ و بیسوڕێنە. دینەمۆی ئامێرەكە بە خێراییەكی زۆر دەسوڕێ و وزەی پێویست بەرهەم دێنێ. ئامێرەكە بۆ گەشتیاران ئەوانەی بۆ چیاو دراستانەكان دەڕۆن سوودی زۆرە..





## دە بەسە مۆبایلەكەت دانێ با دوو قسان بكەین!

تەكنەلۆژیای نوێ گشت جەمسەرەكانی ژیانی ئەم سەردەمەی ئێمەی تەنیوەتەوە، شێرازەی كۆمەڵایەتی گۆڕیوە، پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی بەرەو ساردی بردووە و سڕی كردووە، ئێستا ئەندامانی بنەماڵەیەك هەر كامیان لە گۆشەیەك دەبینی بە مۆبایلەوە خەریكە، یان تەنانەت كە دەچیە سەردانی دۆست و هاوڕێیانیشت چی وای پێناچێ هەركام بە مۆبایلەكانی خۆیانەوە خەریك دەبن.. جار هەیە لە ماڵێكدا خوانی نانخواردن دادەنرێ بەڵام هەركەسە بە مۆبایل یان تەبلێتەوە خەریك دەبێت خواردن سارد دەبێتەوە یان ئەوكاتەی نانیش دەخۆن دەستێكیان هەر لە سەر مۆبایلە..

كۆمپانیایەك بۆ ئەم مەبەستە هاتووە ئامێری (Ransomly) بەرهەم هێناوە، ئامێرێكی بچووك كە بە سیستەمی بلوتوس كار دەكات، بۆ سوود وەرگرتن لەو ئامێرە دەبێت ئاپێكی تایبەت لەسەر مۆبایلەكە دابەزینی، دوایی ئەوە هەركاتێك بەرپرسێكی ماڵ یان بەرپرسی ئیدارییەك ئامێرەكە هەڵبكات، گشت مۆبایلەكان لەكار دەكەون و قفڵ دەبن، و هیچ پرۆگرامێك ناكرێتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، لە ماڵەوە هێڵی IDSLمان هەیە، کەچی هەست پێدەکەین هاوسێیەکانمان و خەڵکانی دەوروبەر سوودی لێوەردەگرن، چ بکەین بۆ ئەوەی کە جگە لە ئەندامانی ماڵەوە کەسی دی سوودی لێوەرنەگرێ؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ئێستا پرۆگرام و ئەپی مۆبایل هەیە دەتوانێ پاسۆردی وای-فای بدۆزێتەوە، تەنانەت ئەگەر زۆریش بە هێز بێت.. بۆ چارەسەری ئەمە لە شێوازی MAC Address Filter سوود وەربگرە، ئەوە وەك ئەوەیە چوار دیوارییەکت بە دەوری هێڵەکەت داکێشابێ، لە بەشی ireless MAC Address Filter بچۆ سەر Deactive ئەکتیڤی بکە، ئەوکات لیستی ئەو ئامێرانە دەبینی کە سوود لە ئینتەرنێتەکە وەردەگرن، دەتوانی ئیزن بەو چەند ئامێرە بدەی ئینتەرنێت بەکار بێنن، ئەوانی دیکە تەنانەت ئەگەر یوزەر و پاسۆردەکەش بزانن ناتوانن سوودی لێوەربگرن... لە کەسێکی شارەزای ئەم بوارە بۆ ئەم مەبەستە سوود وەربگرە...

# پێشانگای ساڵانەی تەکنەل

سەرەتای مانگی یەکەمی هەر ساڵێك گەورەترین پێشانگای ساڵانەی تەکنەلۆژیای نوێ بەناوی CES دەکرێتەوە کە ئەم وشەیە کورتکراوەی دەستەواژەی (Consumer Electronics Show) بەمانای پیشانگای ئامێری تەکنەلۆژیای ئەلکترۆنی دێت..

مێژووی کردنەوەی پێشانگاکە بۆ ساڵی ١٩٦٧ دەگەڕێتەوە، ئەوکات بە سپۆنسەری دامەزراوەی ئامێری دیجیتالی ئەمەریکا لە شاری نیویۆرك بەڕێوە چوو. لە ساڵی ١٩٧٨ وە هەتا ساڵی ١٩٩٤ ساڵانە دوو جار لە دوو وەرزی زستان و هاویندا بەڕێوە دەچوو، بەڵامی لە ساڵی ١٩٩٥ پێشانگا لە وەرزی هاویندا نەما و لە ساڵی ١٩٩٨ەوە تاکو ئێستا هەموو ساڵێك لە وەرزی زستاندا لە شاری لاس و گاسی ئەمەریکا پێشانگاکە بەڕێوە دەچێت..

لە پێشانگای ساڵانەی CES ٢٠١٧ دا، کە لە ڕێکەوتی ٤ هەتا ٨ی مانگی یەك لە شاری لاس ڤیگاس کرایەوە، زیاتر لە ٣٨٠٠ کۆمپانیا کە لە ١٥٠ وڵاتەوە هاتبوون بەشداریان تێدا کرد.. لەو پیشانگایەدا زیاتر لە ١٦٥ هەزار کەس سەردانیان کرد.. نوێترین ئامێرەکانی دەنگ و ڕەنگ، وێنەگرتن، تەکنەلۆژیای وایەرلەیس، تەکنەلۆژیای تایبەت بە نوێترین ئۆتۆمبیلەکان.. بە گشتی






## بەبێ هیچ ئەکاونتێک سەر لە سایتە گرنگەکان بدە

زۆر لـە سـایتەکانی فێـرکاری یـان سـایتی گرنگی وەك سـەیرکردنی فیلـم و بابەتـی دیکە، هەرکاتێك ویسـتت سـایتەکە بکەیەوە، داوای ئەوە دەکەن دەبێت ویزەرێك و پاسۆردێك بۆخۆت دابنێی ئەگینا ناتوانی شـوێنی مەبەسـتت لە سـایتەکەدا بکەیەوە...بۆ چارەسەری ئەم کێشـەیە سـەر لە سـایتی http://bugmenot.com/ بدە لەو سایتەدا بۆکسێك هەیە، لە بۆکسـەکەدا تەنیا ئەدرەسـی ئەو سـایتەی نیازت هەیە بیکەیەوە دابنێ و بە ئاسـانی ویزەر و پاسوردی چوونە ناو سایتەکەت دەداتێ...

# ـــــۆژیای نوێ CES ٢٠١٧

گشـت ئـەو ئامێرە دیجیتالیانـەی کە لـە داهاتوویەکی نزیکدا لەلایـەن کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ دەکەونـە بـازارە خرانـەڕوو.. کۆمپانیا گەورەکانـی وەك (ئەپل، سامسـۆنگ، ئێل جی، مایکرۆسـۆفت، سـۆنی، پاناسـۆنیك، لینۆڤۆ...تاد) لەو پیشانگایەدا بەرهەمی خۆیان نیشاندا...

فایلـی ئایتـی (زانیاری سـەبارەت بـە تەکنەلۆژیای نوێ) لـە گۆڤـاری گـوڵان وەك سـاڵانی رابـردوو ئامێـرە گرنگـە دیجیتالییەکانی لەو پیشـانگایەدا نیشـاندران، بەرلەوەی بکەنە بـازاڕ و لەلایـەن بەکارهێنەرانـی ئێرەوە سـوودیان لێوەربگیرێ، دەناسێنێ و زانیاریان لەسەر بڵاو دەکاتەوە.

